# هەمەنگوای

باشترین نوسین، ئەو نوسینەیە
کە لەژێر کاریگەری عیشق دا
نوسرابێت.



لە فارسیەوە/ سەرهەنگ عەبدولرەحمان



ئێرنیست هەمەنگـوای، هەمـوو ڕۆژێـك لـە ژووری نوسـتنی ماڵەکـەی ڕێـك لەدەوروبـەری شـاری ((هاڤانا)) لـە کوبـا سـەرگەرمی کاری نوسـین دەبێـت، هەڵبەتـە ژوورێکـی تایبەتیشـی هەیـە، کـە بـۆ کارەکـەی ئامادەکـراوە، لـە بەرزایـی بورجێـك، لەبەشـی باشـوری خۆرئـاوای ماڵەکەیە، بـەڵام ئـەو وای بەبـاش دەزانـی لـەژووری نوسـتنەکەیدا کاربـکات، وەکـو ئەوەی کـە هەنـدێ جاریـش کەسـانی نێـو چیرۆکەکانـی، ئـەو دەنێـرن بـۆ بـەرزی بورجەکـە تـا لەژوورێـك لـەو بەرزییـە، بەنوسـینەوە سـەرقاڵ بێـت. هەمەنگـوای لەسـەر ئـەو بنەمایـەی کـە دەڵێـت «خـۆم فریـو نـەدەم» کاردەکات، وێـرای ئەمـە بەرهەمـی کاری هەمـوو ڕۆژێکـی لـە خشـتەیەکدا کـە لەسـەر ڕووی مقەبایەکـدا کێشراوەو لەسـەر دیـواری ژووری کارەکـەی لەژێـر کەللـە سـەری بزنـە کێوییـەك هەڵـواسراو، دەنوسـێت ژمارەکانـی سـەر خشـتەکە نیشـانی دەدات، کـە ئاسـتی نوسـینی لەهەمـوو ڕۆژێکـدا لەنێـوان ژمارەکانـی (450، 575، 462، 1250) وشـەدا، کـە هەنـدێ جـار دیسـانەوە بـۆ (512) وشـە لـە ڕۆژێکـدا دادەبەزێـت، هەمیشـە لـە هاتوچوندایـە.

خاڵێك کە هەمەنگـوای چەندیـن جـار لـە درێـژەی دیدارەکانیـدا جەختـی لێدەکـردەوە ئەمـە بـوو، کـە نابێـت زیـاد لـە ڕادە هەوڵبـدات تـا سـەر لـە هونـەری نوسـین دەربـکات، لەبەرئـەوەی کـە بەبوونـی ئـەوەی کـە هەنـدێ لەمەسـەلەکانی نوسـین قـورس و قایمـەو ئەگـەر قسـە لەبارەیانـەوە بکرێـت، زیـان بەهیـچ شـتێ ناگەیەنێـت، بەشـێکی تـری لـەم مەسـەلە ناسـك و تورتـەو ئەگـەر لـە بارەیانـەوە قسـە بکرێـت، درز لـەم بینـاو باڵەخانـە دەکەوێـت و پاشـان ئیـتر بـە کـردەوە هیـچ بـۆ نوسـین نامێنێتـەوە. هەمەنگـوای هەمـوو ڕۆژێك بەیانیـان زوو لـەم ژووره لەخـەو هەڵدەسـتێت و لەبـەردەم مێـزی کارەکەیـدا دەوەسـتێت و گشـت هەسـتەکانی خـۆی دەبەسـتێتەوە بـەکاری نوسـینی، لـەم کاتـەدا تەنیـا جار جارێـك لەشـوێنی خـۆی دەجوڵێـت و دڵخۆشـی دایدەگرێـت، ئەگـەر کاری نوسـینی بەباشـی بڕواتـە پێـش، عـارەق بەسـەرو سـیمایدا دێتـە خـوارەوەو وەکـو منالێکـی ئافەریـن کـراو دەوروژێـت، بـەڵام ئـەو سـاتانەی کـە ئـەو، تواناو دەسـت ڕەنگینیـەی هونەرەکـەی هەڵبزرکـێ، تـوڕەو چـەوت و چەوێـڵ دەبێـت و هەسـت بـە چارەڕەشـی دەکات، هەمەنگـوای لـە سـەراپای ئـەو ماوەیـەدا، واتـە دەتوانیـن بڵێیـن هەمـوو ڕۆژێـك تا نیـوەڕۆ، کۆیلـەی دیسـپلینێکە، کـە خـۆی بەسـەر خۆیـدا سـەپاندویەتی.

**+ بەڕێـز هەمەنگـوای ئایـا کاتەکانـی نوسـین بەلاتانـەوە چێژبەخشـە؟**

هەمەنگوای: زۆر.

**+ بەیارمەتیـت، دەکرێـت کەمێـك لەمبارەیـەوە بدوێـی؟ کـەی دەسـت بەنوسـین دەکەیـت؟ ئایـا بەرنامەیەکـی وردو ڕێکوپێکتـان بـۆ نوسـین هەیـە؟**

هەمەنگـوای: کاتێـك چیـرۆك یـان کتێبێـك دەنوسـم، هەمـوو بەیانییـەك لەگـەڵ خۆرهەڵاتنـدا دەسـتدەکەم بەنوسـین، لـەم کاتانـەدا کـەس هەراسـانت نـاکات، کـەش و هـەوا فێنکـە، یـان سـارد تـۆ کاری خـۆت دەکەیـت و لەکاتـی نوسـیندا گـەرم دەبیتـەوە، هەندێـك جـار پشـوویەك دەدەیـت، مەبەسـتم ئـەو کاتانەیـە کـە دەتەوێـت بزانـی دواتـر چـی ڕوودەدات، بەسـەر نوسـینەکەتدا دەچیتـەوەو هەڵەبـڕی دێـڕەکان دەکەیـت، پاشـان ئەوەنـدە دەنوسـیت تـا بگەریـت بەشـوێنێ کـە هێشـتا کەیـف خۆشـی و دەتوانیـت بنوسـیت و دەزانیـت کـە دواتـر بڕیـارە چـی ڕووبـدات، ئەوکاتەیـە کـە پێنوسـەکەت دادەنێـت و تـا سـبەی کـە سـەر لەنـوێ بـە دڵکارییـەوە دەسـت بەنوسـین دەکەیتـەوە، لەگـەڵ ئـەوەدا

دەژی کە نوسیوتە، دەبێت بوترێت کە وەکو هەموو رۆژێك سەعات شەش دەست بەنوسین دەکەیت و رەنگە نیوەڕۆ یان پێش نیوەڕۆ دەست لەنوسین هەڵبگریت، کاتێ دەست لەنوسین هەڵدەگریت هەگبەت خاڵییەو خاڵیش نییە، چونکە لەهەمان ساتدا دوبارە خەریکە پڕ دەبێت، تا سبەی کە سەر لەنوێ دەست دەبەیتەوە بۆ پێنوس، هیچ شتێك زەبرو گورزت پێ ناگەیەنێت و هیچ روودادات و هیچ شتێك بەلاتانەوە گرنگ نییە، تاکە شتێك کە لەم کاتەدا بۆ تۆ قورسە ئەوەیە، کە ناچاریت تا سبەینێ ئارام بگریت.

**+ دەتوانیت ئەو کاتانەی کە کار ناکەیت، بیر لەنوسین و ئەو بەرهەمانەی کە دەتەوێ بینوسی، نەکەیتەوە؟**

هەمەنگوای: بەڵێ، بەڵام هەڵبەت ئەم کارە پێویستی بەوەیە، کە نوسەر بە دیسپلین بێت، ئەم دیسپلینە دەبێت بیهێنێتەدی، واتە لەراستیدا نوسەر ناچارە بیهێنێتەدی.

**+ ئایا رۆژی دواتر کە دوبارە کاتی نوسینتان دێتەوەو بەنوسینەکانی رۆژی پێشووتدا دەچیتەوە، بابەتەکانی پێشوو دادەڕێژیتەوە، یاخود لێی دەگەڕێی لە کۆتاییدا بەیەکجار ئەم کارە ئەنجام دەدەیت، واتە ئەوکاتەی کە هەموو کتێبەکە یان چیرۆکەکەت نوسی؟**

هەمەنگوای: بابەتەکانی رۆژی پێشوو، هەموو رۆژێ سەر لەنوێ دادەڕێژمەوە، هەڵبەتە ئاساییە کە بۆ دواهەمین جاریش بەوردبینییەوە بەسەرجەم نوسینەکەدا بچمەوە، دیسانەوە کاتێکیش کە بابەتەکەمدا بەکەسێك و تاپی کردو کاغەزە رێکوپێك و خاوێنە تایپ کراوەکانم بینی، دەتوانم هەڵەبڕییان بکەم و دایبڕێژمەوە، سەرەنجام هەڵەچنی نمونەکانی چاپیش دەرفەتێکی تر دەدات بە مرۆڤ تا دەست بۆ


ئێرنیست هەمەنگوای










بابەتەکانی بەرێت، مرۆڤ دەبێت مەمنون بێت بەبابەتی ئەم هەموو هەل و دەرفەتانە.

**+ تا چ رادەیەك بابەتەکانتان دادەرێژنەوە؟**

هەمەنگوای: جیاوازی هەیە، بۆ نمونە دواهەمین رۆمانم ((ماڵئاوا لە چەك))، مەبەستم لاپەڕەی کۆتاییەتی - سی و نۆ جار دامرشتۆتەوە تا سەرەنجام بەو جۆرەی کە پێمخۆش بوو (دڵم ویستی)

**+ ئایا گرفتەکەتان هونەری و تەکنیکی بوو، چ شتێك بووە هۆی کە نەتوانین کتێبەکە تەواو بکەیت؟**

هەمەنگوای: گرفتەکەم دۆزینەوەی هەندێك وشەی دروست و گونجاو بوو.

**+ ئایا بە پیاچوونەوەی نوسینەکانی رۆژی پێشوتانە، کە سەرحاڵ و بەکەیف دەبن؟**

هەمەنگوای: بەپیاچوونەوەی ئەو شتانەی کە رۆژی پێشوو نوسیوتە، دەگەیتە ئەو شوێنەی کە دەبێت لەوێوە دەست پێبکەیت و برۆیتە پێش، واتە دەزانیت کە باشترین شت ئەمەیە کە بەخاڵ و رەنگ و بۆی دوێنی بگەیت، هەمیشە جێگەیەك هەیە کە مرۆڤ لەوێ دوبارە دێتەوە سەر زەوق و شەوق.

**+ ئایا بووە، کە کاتێ دەگەیتە ئەوێ، ئیلهامێك بەدەستتانەوە نەیەت؟**

هەمەنگوای: ئاساییە، بەڵام کاتێك گەیشتیتە ئەو شوێنە و تێگەیشتیت کە دواتر بریارە چی رووبدات، ئیتر دەتوانیت برۆیتە پێش، هەر ئەوەندەی کە بتوانیت دەستبکەیت بەنوسین، بەسە. ئەو شەوق و زەوقەش بۆ خۆی وردە وردە دێت.

***(پورنتن وایلدر) سەبارەت بەو شێوازانە قسەی کردووە، کە**

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

**دەتوانێت هزرو یادەوەری بەهێز بکات و نوسەر ناچار بە چوونە پێشەوە بکات، بۆ نمونە دەڵێت «کە ئێوە جارێك بەوتان وتوە (کە کاتی نوسین) نزیکەی بیست قەڵەمت تا نوکەکەی داداوە»؟**

هەمەنگوای: من هیچ کات بەجارێك، بیست پێنوسم نەبووە، هەڵبەتە دادانی حەوت پێنوسیش بۆ خۆی زۆرە.

**+ تا ئێستا چ شوێن جێگەیەك زیاد لەهەموو شتێ لەکاری نوسین، بۆ حاڵتان سودمەند بووە؟ ئەگەر لە رووی ژمارەی ئەو کتێبانەی کە ئێوە لە هۆتێلی ((ئامبوس موندوس)) نوسیوتە، بمانەوێ داوەری بکەین، هەستدەکەم وەکو ئەم هۆتێلە، یەکێکە لەوانە، یان ئەوەی کە هەستدەکەیت ژینگە کاریگەرییەکی زۆری لەکاری نوسیندا نییە؟**

هەمەنگوای: هۆتێل ((ئامبوس موندوس)) لە ((هاڤانا)) بۆ نوسین جێگەیەکی باشبوو، ((ڤینیسا))ش جێگەیەکی زۆر سەیرە، هەڵبەتە من لەهەر کوێیەك بووبم، بەباشی کارمکردووە، مەبەستم ئەوەیە کە لە هەلومەرج و ژینگە جیاوازەکاندا، توانام هەبووە تا ئەو شوێنەی کە دەتوانم بەباشی کاربکەم، گەرچی دەبێت بڵێم کە موراجعان و تەلەفۆن هەمیشە تێکدەری کاربوون.

**+ ئایا پێویستی باش نوسین ئەمەیە کە نوسەر بەردەوامی سۆزداری هەبێت؟ خودی ئێوە جارێك بەمنتان وت، کە تەنیا ئەوکاتە دەتوانێت باش بنوسیت کە ئاشق بیت، تکایە دەکرێت لەمبارەیەوە کەمێك زیاتر قسە بکەیت؟**

هەمەنگوای: پرسیارێکی سەیرە، بەڵام حەتمەن زۆرترین پلەی هەیە! تۆ کاتێ دەتوانیت بنوسیت کە خەڵك کاری بەکارتانەوە نەبێت و نەبێتە مایەی ئازاردانتان، یا دەکرێت بوترێت کە ئەوکاتە دەتوانیت بنوسیت کە هیچ شتێك جگەلە نوسین بۆتان گرنگ نییە، بەڵام بێگومان باشترین نوسین، نوسینێکە کە لەژێر کاریگەری عەشقێکدا بەدی هاتبێت، هەڵبەتە ئەگەر شێلگیر نەبیت، من پێم باشە کە لەمبارەیەوە لەمە زیاتر قسە نەکەم.

**+ رۆڵی مەسەلە داراییەکان لەمبارەیەوە چییە؟ ئایا بۆئەوەی کە نوسینێکی باش بەدیبێت، پێویستە کە نوسەر لەڕووی ئابورییەوە مسۆگەر بێت؟**

هەمەنگوای: ئەگەر نوسەر زۆر زوو لەڕووی ئابورییەوە مسۆگەر بێت و لەگەڵیشیدا ژیان و کاری نوسینی بەیەك ئەندازە خوشبوێت، بەشێوەیەکی سروشتی دەبێت زۆر سەربەست بێت تا بتوانێت لە بەرامبەر کەڵکەڵە ئابورییەکان بەرگری بکات، بەڵام ئەگەر نوسین پیشەی سەرەکی کەسێك بێت و زۆرترین چێژ لە نوسین ببینێ، ئەوکاتە تەنیا مەرگ دەتوانێت ئەو لە نوسین رابگرێت، هەڵبەتە ئەگەر نوسەر لەرووی ئابورییەوە دابین بێت، ئیتر هەمیشە نیگەرانی دۆخی خۆی نییە، چونکە خەم و خەفەت توانای کارکردن لەنوسەر زەوت دەکات، ئەم مەسەلەیە کتومت وەکو نەخۆش و ناخۆشییە، لەبەرئەوەی نەخۆشی و ناخۆشی لەم رووەوە خراپە، کە خەم و خەفەت بەرهەم دەهێنێت و خەم خەفەتی شاراوە مرۆڤ دەخاتە ژێر گوشارەوە و ئەم گوشارە سەبرو تاقەتی مرۆڤ لەنێو دەبات.

**+ دێتەوە بیرتان کە بەوردی لە چ سەردەمێکدا بڕیارتادا ببیتە نوسەر؟**

هەمەنگوای: نا، چونکە من هەمیشە دەمەویست ببمە نوسەر.

* **(فیلیپ یانگ) لە کتێبەکەیدا کاتێك خەریکە لەبارەی تووە**



**دەدوێـت، دەڵێـت «کـە بریندarبوونـی سـەختی تـۆ لەسـاڵی 1981دا بەهـۆی پریشـکی گوللـە تـۆپ، کاریگەرییەکـی قوڵـی لەسـەر کاری نوسـەری تـۆ بەجێهێشـت»، لەبیرمـە کـە لـە ((مەدریـد)) ئێـوە لەمبارەیـەوە بەجوانی قسـەت کـردو وتـت کـە قسـەی ئـەو پەتییـە لەراسـتی، گوایـە وتـت کـە بەبـڕوای ئێـوە کەرەسـتەو هۆکارەکانـی نوسـەری دەسـکەوت و قازانـج نییـە، بەڵکـو بەهەمـان چەمکـی (تێگەیشـتنی) کـە (منـدل) (دەربـارەی یاسـای بـۆ ماوەیـی)دا دەڵێـت، زاتـی و سـەرنج راکێشـییە؟**

هەمەنگـوای: دیـارە، کـە مـن ئـەو سـاڵە لـە مەدریـد، هزرێکـی باشـم نەبـوو، تاکە شـتێك کـە دەتوانـم لەمبارەیـەوە بڵێـم ئەوەیـە کـە لەوکاتـەدا مـن تەنیـا زۆر بەکورتـی دەربـارەی کتێبـی بەڕێـز ((یانـگ))و بیـردۆزی ئـەو واتـە (( ڕۆڵـی زەبـری ڕۆحـی لـە ئەدەبیـات))ەوە قسـەمکرد، ڕەنگە ئـەو دوو زەبـرو شـۆکە ڕۆحـی، شـکاوی کەللـە سـەرم لـەو سـاڵانە، بووبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە هەنـدێ قسـەی قـۆڕو لابـەلا بکـەم، بـەڵام بـاش لەبیرمـە کـە وتـم بـاوەڕم لەسـەر ئەوەیـە کـە خەیـاڵ دەتوانێـت ئەنجامـی ئەزمونـە بەمیراتـی بەجێماوەکانـی قەومێـك بێـت، بـەڵام ئـەم قسـەیە تەنیـا لەروانگـەی مرۆڤێکـی سەرخۆشـی دوای زەبرێکـی ڕۆحـی، دروسـت دێتـە بەرچـاو، هەڵبەتـە ئـەم قسـانە هـی ئەوکاتەیـە، ئەمەیـە کـە ئەگـەر رازی بـن، ئـەو بابەتـە هـەر لێـرە کەلێنـی بگریـن، شـێوازی بەکەڵـك و خۆشـی قسـە ئەمەیـە، کـە لەرێگـەی ئـەوەوە مـرۆڤ چەنـد خاڵێـك کەشـف دەکات، بـەڵام بەشـێکی زۆری و تـەواوی ئـەو بەشـانەی قسـەی قـۆڕو نابەرپرسـیارانەی، نابێـت بنوسرێـت، چونکـە هـەر کـە نـوسرا، مـرۆڤ دەبێـت لەسـەر پێـی خـۆی بوەسـتێ و بەرگـری لـێ بـکات، حاڵـی ئـەوەی کـە ڕەنگـە مەبەسـتی ئێـوە لەقسـە، تەنیـا ئەمـە بێـت کـە تێبگەیـت ئایا ئەسـڵەن بـاوەڕت بەشـتێك هەیـە یـان نـا، بـەڵام لەبـارەی پرسـیارەکەتانەوە دەبێـت بڵێـم زامـەکان جیاوازییـان لەگـەڵ یەکـدا هەیـە، هەنـدێ بریـن رواڵەتـی و بەبـێ شـکانی ئێسـقان، کـە زۆر بایەخییـان نییـە و چ بـگات بەوکاتـەی تەنانـەت ببێتـە هـۆی هێـزی دڵـی مرۆڤیـش بـن، بـەڵام ئـەو زامانـەی کـە تیایـدا دەمـارو ئێسـقانەکان بـە تونـدی زەبریـان بەردەکەوێـت، چ بـۆ نوسـەرو چ بـۆ بـەدەر لەنوسـەر بـاش نییـە.

**+ بەبـڕوای تـۆ ئـەو کەسـانەی کـە دەیانـەوێ ببنـە نوسـەر، لـە چ ڕێگەیەکـەوە دەتوانـن بـە باشـترین شـێوە هزریـان پـەروەردە بکەن؟**

هەمەنگـوای: دەتوانـن بـڕۆن خۆیـان بـدەن بـە داردا! چونکـە دەبینـن کـە بـاش نوسـین دەتوانیـن بڵێیـن لـە ریـزی ئەسـتەمەکانە، پاشـان دەبێـت بەرلـەوەی کـە ئەڵقاوێـز بـن و بمـرن، ئـەو حەبلـەی کـە پێیەوە هەڵـواسراوە ببـڕن، تـا بەڵکـو هیمەتێـك بکـەن و تـا کۆتایـی تەمـەن هەرچەنـد کـە دەتوانـن بـاش بنوسـن، لـەم حاڵەتـەدا ئەگـەر شتێکیشـیان بـۆ نوسـین نەبێـت، دەتوانـن لانیکـەم بـە هەمـان چیرۆکـی ( ژیانـی خـۆی)، کاری نوسـەری دەسـت پێبکـەن.

**+ بیروڕاتـان سـەبارەت بـەو نوسـەرانە چییـە، کـە ڕوویـان کردۆتـە کاری وانەوتنـەوە لـە زانکـۆکان؟ ئایا هەسـت ناکەیـت کـە ئـەم کۆمەڵـە لـە نوسـەران، لەراسـتیدا پشـتیان کردۆتـە داب و نەریتـی نوسـەری و لەگـەڵ شـێوازی زانکۆییـدا سـازاون و نزیکبونەتـەوە؟**

هەمەنگـوای: مەبەسـتتان لـە سـازان و لێـك نزیکبوونـەوە چییـە، ئایا مەبەسـتتان هەمـان ڕێککەوتنـە کـە ژنێـك لەگـەڵ مێردەکەیـدا دەیـکات؟ یـان سـازانێکە کـە سیاسـەتمەدارێك دەیـکات؟ یـان ئـەوەی کـە مەبەسـتتان

**ئەگەر نوسەر زۆر زوو لەڕووی ئابورییەوە مسۆگەر بێت و لەگەڵیشیدا ژیان و کاری نوسینی بەیەك ئەندازە خوشبوێت، بەشێوەیەکی سروشتی دەبێت زۆر سەربەست بێت تا بتوانێت لە بەرامبەر کەڵکەڵە ئابورییەکان بەرگری بکات،**

ڕێککەوتنێکە کە ئێوە لەگەڵ بەقاڵ یان بەرگدرووەکەتاندا دەیکەن تا دواتر پارەکەی بدەن، بەڵام کەمێك زیاتر لەوە هەقی خۆیەتی؟ نوسەرێك کە دەتوانێت هەم بنوسێت و هەم وانە بڵێتەوە، ناچار دەبێت دەرۆستی هەردوو کارەکە بەباشی بێت، کە هەڵبەتە زۆر لە نوسەران توانا و لێهاتوویی ئێمەیان پیشانداوە، کە ئەم کاری کردنە، هەرچەند من بۆ خۆم دەرۆستی ئەو کارە نایەم، بەڵام لەهەمانکاتدا، من ستایشی ئەو نوسەرانە دەکەم، کە دەتوانن هەردوو کارەکە ئەنجام بدەن، هەڵبەتە ئەوەش بڵێم کە بەبڕوای من کارو ژیانی زانکۆیی ڕەنگە خاڵی کۆتایی بێت لەسەر ڕێی وەرگرتنی ئەزموون لە جیهانی دەرەوەی زانکۆ، کە ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی سنوردارکردنی گەشەی وشیاری تاك سەبارەت بەجیهانی دەرەوە، گەرچی وشیاری و ناسینی زیاتر، تەنها بەرپرسیاریەتی زیاتر دەهێنێ و کاری نوسین ئاستەنگتر دەکات، بەگومانی من لەگەڵ بوونی ئەوەی کە نوسەر چەند سەعاتێکی کەم بۆ خودی نوسین تەرخان دەکات، بەڵام هەوڵ بۆ ئەفراندنی بەرهەمی نەمر، خود سەرگەرمییەکی بەردەوامە، نوسەر دەبێت بەچاڵێك بچوێنرێت، بەهەمان شێوەی کە هەندێ چاڵ جیاوازمان هەیە، هەندێ نوسەری جیاوازیشمان هەیە، بەڵام شتێك کە لەبارەی چاڵەوە گرنگە، ئەمەیە کە ئاوێکی خۆش و ڕەوانی هەبێت و باشتریشە کە بە قۆناغ و ڕێکوپێکی ئاو لەم بیرە هەڵبگرین، نەك ئەوەی کە پەمپی تێبکەین و هەرچی ئاوی تێدایە دەریکێشین و پاشان چاوەڕێ بین تا دوبارە ئاوی بیرەکە پڕ بێتەوە، وەکو بڵێی زۆر لە بابەتەکە دوورکەوتمەوە، هەڵبەتە پرسیارەکەی ئێوەش زۆر سەرنج ڕاکێش نەبوو.



**+ ئایا کاری رۆژنامەگەری بۆ نوسەرانی لاو بە باش دەزانیت؟ ئەو ئەزمونانەی کە لەرۆژنامەی ((کانزاس میتی ستار)) هەتبووە، تا چ رادەیەك لەکاری نوسەریدا، بەکەڵکتان هات؟**

هەمەنگوای: لەرۆژنامەی ((ستار))دا کارمکرد، ناچار بووم کە شێوازی نوسینی رستەی سادەو هەواڵی فێربم و ئەمە بۆ هەموو کەسێك بەسودە.رۆژنامەگەری زەبرێك بەنوسەرانی لاو نادات و تەنانەت دەتوانێ پشتیوانێك بێ بۆ کاری نوسینیان، هەڵبەتە بەمەرجێك کە لەکاتی خۆشی دەست لەکاری رۆژنامەگەری بکێشنەوە، بەڵام ئەو قسانەی کە هەر ئێستا کردم بەرادەیەك کۆنەو تۆزو خۆڵی لێ نیشتووەو چوارچێوەیەکە کە ناچارم داوای لێبوردن لە خوێنەران بکەم، بەڵام چارە چییە؟ کاتێ کەسێك پرسیاری کۆن و لاواز دەکەن، مرۆڤ ناچارە وەڵامی کۆن و سواو بداتەوە.

**+ تۆ کاتێك لە گۆڤاری (ترنزتلنتیگ ریوی یو) نوسیبوت کە تاکە بەڵگەی کە دەتوانرێت بۆ کاری رۆژنامەگەری بەردەوام بێت، هەقدەستی باشی ئەوە. دیسانەوە نوسیبوت کە (مرۆڤ بە بت کار لەرۆژنامەو (بەنرخ) نییەو لەناوبردنی داهێنانە بە بەهاکانی پارەی زۆر وەردەگرێت) ئایا لە بنەڕەتەوە دەکرێت نوسین بەجۆرێك (لەناوبردنی خود) بزانرێت؟**

هەمەنگوای: نایەتەوە بیرم کە شتێکی وام نوسیبێت، ئەم قسەیە بەبڕوای من نەفامانەو توندەو وەکو بڵێی بۆئەوەی کە لەنیگەرانیدا نینۆکم نەکرۆژم و قسەی شیاو بکەم، ئەوەم نەوتوە، من بەدڵنیاییەوە نوسین بەجۆرێك لە لەناوبردنی خود نازانم، وەکو ئەوەی باوەڕموایە کاری رۆژنامەگەری بۆ نوسەرێکی جدی و داهێنەر، لەدوای ماوەیەك، جۆرە مردنێکی لەسەرەخۆیە.

**+ ئایا هەستناکەیت کە ئەگەر نوسەرێك لە پەنای کۆرێکی دیکە لەنوسەراندا جێگیر بێت، پاڵنەری بۆ کارکردن زیاتر دەبێت؟**

هەمەنگوای: بەڵگە نەویستە.

**+ ئەوکاتەی کە لەدەیەی بیستدا لەپاریس بوویت، ئایا هەستتان دەکرد کە بەشێکی لە گروپی نوسەران و هونەرمەندان؟ واتە ئایا هەستی گروپت تێدا بوو؟**

هەمەنگوای: نا، کەس هەستی گروپی و بەکۆمەڵی نەبوو، هەڵبەتە ئێمە رێزمان لەیەکدی دەگرت، خودی من رێزم لەزۆربەی



شێوەکارەکان دەگرت، کە هەندێکیان هاوتەمەن و هاوساڵی خۆم بوون، بۆنموونە ڕیزێکی زۆرم لە شێوەکارانی وەکو : (گریس، بیکاسۆ، بیرك، مونێ) کە ئەوکاتە زیندوو بوو نوسەرانی وەکو: (جۆیس، ئەزرا، ستاین)ی ئازیز دەگرت.

**+ ئایا قەت بووە، کە کاتێك دەنوسیت هەستبکەیت کە لەژێر کاریگەری نوسینێکدای کە هەمان کات دەیخوێنیتەوە؟**

هەمەنگوای: تا ئەوکاتەی کە (جۆیس) (ئۆلیس)ی نەنوسیبوو، نا، هەڵبەتە کاریگەری ئەو ڕاستەوخۆ نەبوو، بەڵام ئەو ڕۆژانە ئەو وشانەی کە ئێمە دەماننانسین، خۆیان بەربەستێك بوون لەسەر ڕێمان و ئێمە ناچار بووین لەسەر هەر وشەیەك شەڕو کێشە بکەین، بەڵام کتێبەکەی ئەو هەموو شتێکی هەڵگێڕایەوەو دەرفەتی دایە ئێمە کە هەموو ئەو بەربەست و سنوردار دانانە بەجارێك بخەینە لاوە.

**+ ئایا ئەوکاتە دەتتوانی لەنوسەرەکانی دیکەوە هەندێ شت فێربیت؟ گوایە دوێنێ وتوتە کە ((جۆیس)) حەوسەڵەی باسکردن سەبارەت بە نوسەری نییە؟**

هەمەنگوای: کاتێك مرۆڤ لەنێو جەماعەتێك لە ئەهلی قەڵەم بێت، ئاسایی سەبارەت بەکتێبەکانی نوسەرانی دیکەش قسە دەکات، (جۆیس) نوسەرێکی زۆر گەورە بوو تەنیا ئەوکاتە دەربارەی کارەکانی قسەی دەکرد، کە دەیبینێ دوێنەرەکانی کەسانی نەفامن، ڕەنگە ئەو نوسەرانەی کە ئەو ڕێزەیان لێدەگرێت، نوسینەکانی دەخوێننەوەو دەزانن کە ئەو خەریکە چ کارێك دەکات.

**+ گوایە تۆ لەم ساڵانەی دوایدا لە دیدارو هەڵسوکەوت لەگەڵ نوسەرانی دیکەدا خۆت بواردووە، بۆچی؟**

هەمەنگوای: ڕاستیەکەی مەسەلەی ئەمەیان ئاڵۆزترە، هەرچەند ئێوە زیاتر بنوسن، زیاتر تەنیا دەبن، زیاتر تەنیا دەبن، باشترین هاوڕێیانتان و هەموو هاوڕێ کۆنەکانتان دەمرن، ئەوانیتر کۆچ دەکەن و ئێوە ئیدی بەدەگمەن دەیانبینن، ئەمەیە کە ئێوە زیاتر دەنوسن و هەڵبەتە کەم و زیادیش پەیوەندیت پێیانەوە هەیەو ئەم پەیوەندییانە بەئاراستەیەکە کە وەکو بڵێی هەمان ئەو ڕۆژانە پێکەوە لە کافیەیەك دانیشتوون، واتە ئێوە لەگەڵیاندا نامە دەنوسن و نامە گەلی بەچێژ، پێکەنیناوی و خۆمانە بۆ یەکتری دەنێرن، مرۆڤ لەمکارە بەهەمان ڕادەی تێکەڵبوون چێژ دەبات، بەم حاڵە هەرچی تێدەپەڕێت ئێوە تەنیاتر دەبن، چونکە تەنیا لەم ڕێگەیەوە کە دەتوانن بنوسن و کاربکەن، لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆژ بەڕۆژ گۆڕەپانی کارکردن بۆ ئێوە بەرتەسکتر دەبێتەوەو ئەگەر کاتتان بەفیڕۆ بدەن هەست دەکەن کە توشی تاوانێکی گەورەو نەبەخشراو بوون.

**+ نوسەرەکانی هاوسەردەمی خۆتان چ کاریگەرییەکی لەسەر ئێوە بەجێهێشتوە؟ بۆنمونە بەشی (گرترود ستاین) لەکاری نوسەری ئێوە چەند بووە – هەڵبەتە ئەگەر بەشی هەبێت – یان (ئەزرا پاوەند، مکس پرکینز)؟**

هەمەنگوای: زۆر بەداخم، چونکە لەڕاستیدا من لەقسەکردن سەبارەت بە مەسەلەکانی مردوو ڕابردوو زۆر خۆشیم نایەت، هەڵبەتە هەمیشە لێکۆڵینەوە ئەدەبی و نائەدەبیەکانن، کە بڕۆن بۆ ئەم جۆرە قسانە، خاتوو (ستاین) تەقریبەن بەشێوەیەکی چروپڕ، هەندێ شتی دەربارەی کاریگەری لەسەر کاری نوسەری من نوسیبووی کە زۆر ناڕاست بوو، هەڵبەتە ڕەنگە لەدوای ئەوەی کە شێوازی نوسینی گفتوگۆ لە ڕۆمانی (خۆریش هەڵدێ) منەوە فێربووە، پێویست بووە کە ئەو ئەم شتانە بنوسێت، من پەیوەندیم زۆرە لەگەڵیدا و کاتێ



بینیم کە شێوەی گفتوگۆ نوسی فێربووە، بۆ ئەندازە خۆشحاڵ بووم، هەڵبەتە شت فێربوون لەم و لەو، چ ئەوانەی کە زیندوون و چ ئەوانەی کە مردوون، بۆ من کارێکی تازە نەبوو، بەڵام نەمدەزانی کە ئەم مەسەلەیە ئەمەندە بۆ (ستاین) گرنگە، وەکو بڵێی ئەوەی کە خودی ئەو هەندێ شتی زۆرباش دەنوسی، (ئەزرا) لەبواری ئەو مەسەلانەی کە دەیزانی بێکۆتا بیرتیژو بەئاگا بووە، بزانم، ئەم قسانە ماندووتان ناکات؟ خودی خۆم کە لەدووبارەبوونەوەی دوو زمانی و پاشەملە باسکردنە ئەدەبیەکانی ئەوکاتە، لەراستیدا شتنی جلوبەرگی چڵکنی بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر بێزارم، هەڵبەتە ئەگەر کەسێك هیمەتی بکردایەو سەرجەم راستییەکانی ئەو سەردەمانە بگوتایە، دۆخەکە فەرقی دەکرد.

ئەم کارە لانیکەم لەهەندێ رووەوە بایەخی هەیە، هەڵبەتە رێگەی سادەترو باشتری لەئێستادا ئەمەیە کە سوپاسی (گرترود ستاین) بکەم بەهۆی هەموو ئەو شتانەی کە لەوەوە فێربووم، بەتایبەتی بابەتی ئەو شتانەی کە لەبارەی پەیوەندییە زەینی و دەرهەستییەکانی و وشەکانی فێری من کرد، بڵێم کە تا چ رادەیەك شەیدای ئەو بووم و دیسانەوە پلەو پایە هەقناسییەکانم سەبارەت بە (ئەزرا پاوەند) وەکو شاعیرێکی مەزن و هاورێیەکی دڵسۆزم رابگەیەنم و بڵێم کە ئەوەندە بە (مکس پرکینز) پەیوەست بووم، کە هەرگیز نەمتوانی و ناتوانم باوەڕ بە مردنی بکەم، ئەو هیچ کاتێك بەمنی نەگوت نوسینەکانم بگۆڕم، تەنیا ئەو کاتانە نەبێت دەیگوت هەندێ شیاوی چاپکردن نەبوون، بەڵام شوێنی ئەو وشانەم بە بەتاڵی جێهێشت و ئەو کەسانەی کە دەزانن ئەو وشانە چین، ماناوێ و نەمانەوێ تێدەگەن، کە ئەو وشانە چین لامبردوون، بەبڕوای من (پرکینز) تەنیا بلاْفکەرو هەڵەچن نەبوو، بەڵکو هاورێیەکی خاوەن بیروبۆچوون و فرەزانا و هاوراوێژێکی دیار، چەندە حەزم لەجۆری کڵاو لەسەرکردن و لێو هەڵقرچاندنە نامۆکانیەتی.

**+ باوو پیرانی ئێوە چ کەسانێك بوون، مەبەستم ئەمەیە کە لە چ کەسانێکەوە زیاتر شت فێر بوویت؟**

هەمەنگوای: (مارك توین، فلۆبێر، ستندل، تۆرگنیڤ، تۆلستۆی، دیستۆڤیسکی، چیخۆف، ئندرومارول، جان دان، موپاسان، کیپلینگ ی ئازیز، پورو، کاپیتان مریت، شکسپیر، مۆتسارت، کویزو، دانتێ، ویرژیل، تینتوریت تو، باس، برگل، کان، پتینیر، گۆیا، جوتو، سیزان، ڤان گۆگ، گۆگن، سان خوان دولاکروپ، گتگورا، .....هتد) کە هەڵبەتە رۆژێکی تەواو دەخایەنێت تا هەموویانم بیر بێتەوە، هەر بۆیەشە رەنگە کە ئەوانیتر بیربکەنەوە کە من لەباتی ئەوەی هەڵبەدم ناوی تەواوی ئەو کەسانەی کە کاریگەرییان لەسەر ژیان و بەرهەمەکانم هەبووە، بهێنمەوە بیرم، خەریکم (بەناو نەبردنیان) دەمە لافلێدەری فەزڵ و کەماڵێك، کە من ئەوەم تێدانییە، ئەگەرچی پرسیارەکەتان، پرسیارێکی کۆن و ماندووکەرە نییەو زۆرباشە، بەڵام ئەم پرسیارە پێویستی بە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی جدی و گرنگ لە دەروون و ویژدانی کەسی هەیە، من ناوی نیگارکێشەکانیشم لەبەشێکی ئەم پێرستەی سەرەوەدا هێناوە، چونکە من بەهەمان رادەی کە لەنوسەرەکانەوە شت فێربووم لەوانیشەوە شت فێربووم، بەدڵنیاییەوە دەڵێن چۆن؟ بەداخەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش پێویستم بە رۆژێکی تەواو هەیە، بەڵام پێموایە کە لانیکەم لایەنی شت فێربوون لە مەسەلەکانی وەکو هارمۆنیا و ئاوازی جووت لە مۆزیك و هەروەها ئاوازدانەران بۆ هەمووان روون و ئاشکرایە.

**+ ئایا ئێستاش بەرهەمەکانی ئەو نوسەرانەی کە ئاماژەت پێکردن – بۆ نمونە بەرهەمەکانی ((مارك توین)) دەخوێنیتەوە؟**

هەمەنگوای: بەدڵنیاییەوە تۆ دەبێت دوو سێ ساڵ لەگەڵ بەرهەمەکانی (مارك توین)دا بژیت، بەرهەمەکانی شکسپیر من هەموو ساڵێك دەیانخوێنمەوەو (شالێر) ئەو بۆ هەمیشە خوێندنەوەی (شالێر)، مرۆڤ خۆشحاڵ دەکات.

**+ بەم پێیە بێت خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەوانی دیکە سەرگەرمی و مژوولی هەمیشەیتانە؟**



**پیرەمێرد و زەریا**

هەمەنگوای: بەڵێ، خوێندنەوە کاری هەمیشەیی منە، هەرچەندێك بێت، من هەمیشە بەشە کەرەستەی خوێندنەوەم ئامادە دەکەم تا کەمی و ناتەواویم نەبێت.

**+ ئایا تا ئێستا بووە، کە دەستنوسەکانی کەسانی دیکەش بخوێنیتەوە؟**

هەمەنگوای: ئەگەر نوسەرەکەی بە شەخسی نەناسی، دەکەویتە نێو سەرئێشەوە، چەند ساڵێك لەمەوبەر عەریزەیەکی بۆ دادگا بردبوو منی تۆمەتبار کردبوو بە دزینی ئەدەبی، ئەم کەسە سکاڵای هەبوو کە من رۆمانێکم لەسەر فیلمنامە بڵاوکراوەکەی ئەوەوە نوسیوە، دەیگوت کە ئەو فیلمنامەیەی لە کۆڕێك لە هۆلیۆد خوێندۆتەوەوە من یان لانیکەم کەسێك بەناوی (ئیرنی) لەوێ بووەوە هەموو فیلمنامەکەی گوێ لێ بووە، پاشان داوای یەك ملیۆن دۆلار غەرامەی کردبوو، هەروەها ئەو دوو کەسی دیکەی لە ئامادەکارانی سینەما واتە ئامادەکرانی فیلمەکانی (پۆلیسی سوارەی سەربازی باکوری خۆرئاوا))و (سیسکوکید)یشی تۆمەتبار کردبوو کە فیلمەکانیان لەسەر فیلمنامە چاپ نەکراوە درۆکەی ئەو دروستکراون، کە هەڵبەتە دواتر دادگا پێکهات و لەبەرژەوەندی ئێمە بڕیاریدا، هەروەها دەرکەوت کە لایەنی بەرامبەر مرۆڤێکی دەستبەتاڵ و شکستخواردوو بوو.

* بێزەحمەت دەکرێت بگەڕێیتەوە سەر هەمان پێرستی ئەو ناوانەی کە ئاماژەت پێکردن و لەبارەی یەکێکی دیکە لە شێوەکارەکان بۆ نمونە (هیرو نیمس باس) زیاتر بدوێیت؟ وادێتە بەرچاو کە چۆنیەتی مۆتەکە ئاساو سیمبولی بەرهەمەکانی ئەو چەندین فەرسەخ لەکارەکانی تۆوە دوور بێت؟ هەمەنگوای: من خۆم مۆتەکەی زۆرم دیوەو لەو کابوسانەش کە کەسانی دیکە بینیویانە بەئاگام، بەڵام ئێوە

بەهیچ شێوەیەك ناچار نین هەرئەوەی کە دەیزانیت لە نوسینەکانتاندا بیهێنیتەوە، ئەگەر ئێوە ئەو شتانە بزانن و پاشان ئاگایانە لەنوسینی خۆتان لابەرن، ئەوانە دەبوونە لایەنی پاشکۆو هاوڕێی نوسینەکانتان، ئێمە ئەگەر نوسەر ئەو شتانە بەهۆی نەزانینەوە لەنوسینەکانی خۆیدا بسڕێتەوە، ئەوان خۆیان هەروەکو چەند کونێك لەسەر (پەیکەر)ی نوسینەکەی پیشان دەدەن.

**+ ئایا قسەی ئێوە بەم مانایەیە، کە باش ناسینی بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندانەی کە ناوتبردن، ئاوی ئەو بیرەی کە چەند خولەکێك لەمەوپێش لەبارەیەوە قسەتکرد، پڕ دەکەن، یان ئەوەی کە سود وەرگرتنی وشیارانە لەوانە تەنیا کۆمەڵێکە بۆ پێشکەوتنی تەکنیکی نوسینەکانتان؟**

هەمەنگوای: ئەم بەرهەمانە تاسنوری لایەن بینین، بیستن، بیرکردنەوە، هەست کردن و نەکردن! هەروەها نوسین فێری نوسەر دەکەن، بەڵام ئەو بیرەی کاتێك پڕ ئاوە کە ئێوە لەسەر کەیف و شەوقی، هیچ کەس نازانێت کە ئەم بیرە چییە، ئەگەرچی ئێوە دەبێت بزانن، بەهەر شێوەیەك، تاکە شتێك کە ئێوە دەزانن ئەمەیە، کە ئایا ئەوە لەتوانای ئێوەدایە یان ئەوەی کە ناچارن ئارام بگرن تا سەر لەنوێ بێتەوە بەسۆراغتان.

**+ ئایا قبوڵتانە کە لەرۆمانەکانتاندا هەندێك سیمبوڵ هەیە؟**

هەمەنگوای: هەستدەکەم وابێت، چونکە رەخنەگران هەمیشە ئەوانە دەدۆزنەوە، بەڵام ئەگەر نیگەران نەبن، دەبێت بڵێم کە من لەقسەکردن لەبارەی ئەم سمبولانەوە کەیفم نایەت و هەروەها حەزیش ناکەم کەس دەربارەیان پرسیارم لێبکات، ئەم رۆژانە ناتوانرێت کە ئێوە چیرۆك یان رۆمانێك بنوسیت و سەبارەت بەوە رونکردنەوەیان

**مرۆڤ بەبیستنی پرسیاری دروست و بەجێ (شیاو) نە خەمبار دەبێت، نەدڵخۆش، وەکو ئەوەی کە من ئێستاش باوەڕموایە کە نوسەر نابێت سەبارەت بەلایەنی نوسینی بەرهەمەکانی قسەبکات، نوسەر بەرهەمێك دەئەفرێنێ تا خەڵکانی دیکە بیخوێننەوە**

لێت نەوێت، بەداخەوە رونکردنەوەکانم، راڤەکاران و رەخنەگران لە شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی بەرهەمەکانم بێبەش دەکات، ئەگەر پێنج، راڤەکاری فرەزاناو یان زیاتر، بەباشی دەرۆستی لێکدانەوەی بەرهەمەکانم دێن، هۆکارێك نییە، کە دەست لەکارەکانیان وەربدەم، بەرهەمەکانی من بۆ چێژ وەرگرتن بخوێننەوە، بەڵام ئەگەر وێرای چێژ وەرگرتن، هەندێك شتی دیکەتان تێدا دۆزییەوە، ئەمە ئیتر دەگەڕێتەوە بۆ پێوانەو هەڵسەنگاندنانەی کە خۆتان بۆ خوێندنەوە لەبەرچاوی دەگرن.

**+ یەکێك لەئەندامانی دەستەی نوسەرانی راوێژکاری ئێمە، لەدۆزینەوەی حاڵەتی هاودەقی و هاوتایی، نێوان کەسەکان (Dramatis Personae) مەیدانی گابازی لەرۆمانی (خۆریش هەڵدێ) ، کارەکتەرەکانی ئەم رۆمانە، مات و حەپەساون، ئەو دەڵێت لەسەرەتاکانی رۆمانەکەدا تێدەگەین کە (رۆبەرت کن) بۆکسۆرەوە پاشان رۆمانەکە لەباسکردنی لایەنی هێرشی گا، بەئێمە وەردەگرێت، واتە بەشاخەکانی وەکو مشت لەمشتەکۆڵەدا، سود وەردەگرێت، واتە بەشاخەکانی هێرش دەکات و وەکو بۆکسۆرەکان زەبر دەوەشێنێت، رێك ئەوکاتەی کە گایەکی خەسێنراو دێتە مەیدان و گای یەکەم بەلای ئەودا دەکشێ و ئارام دەگرێت، (رابیرت کۆن) لەبەرامبەر (جیك) کە کتومت حوکمی ئەو گا خەسێنراوەی هەیە، خاکەڕاو ئارام دەبێت، هەروەها (مایك) یش وەکو نێزەداری مەیدانی گابازییە، کە هەمیشە (کۆن) تورەو قەڵس دەکات، ئەوان بیروڕای خۆیان بەهەمان شێوە بڵاو دەکەنەوە، بەڵام ئەوەی بۆ ئەوان بەنادیاری ماتەوە ئەوەیە، کە ئایا ئێوە بە ئانقەست و ئاگایانە پێکهاتەیەکی خەمهێنەری مەراسیمی گابازیت بە رۆمانەکەی خۆت داوە یان نا؟**

هەمەنگوای: رەنگە ئەم ئەندامەی دەستەی نوسەرانی راوێژکەی کەمێك شێواندوە، کێ وتویەتی (جیك) وەکو گای خەسێنراو، مرۆڤێکی خەسێنراوە؟ ئەو پێشتر تەنیا بریندار بوبوو، هەموو شتێکی وەکو مرۆڤە ئاساییەکان هەست پێدەکات و دەرك پێدەکات، بەڵام گرنگتر لەم جیاوازییە، ئەوەیە کە برینەکەی ئەو جەستەییەو نەك رۆحی و دەروونی، ئەوکاتە ئەو مرۆڤێکی خەسێنراو نییە.

**+ هەستدەکەم ئەمجۆرە پرسیارانە، کە حوکمی لێپرسینەوەی هونەرییان هەیە، تەنیا مرۆڤ نیگەران دەکات؟**

هەمەنگوای: مرۆڤ بەبیستنی پرسیاری دروست و بەجێ (شیاو) نە خەمبار دەبێت، نەدڵخۆش، وەکو ئەوەی کە من ئێستاش باوەڕموایە کە نوسەر نابێت سەبارەت بەلایەنی نوسینی بەرهەمەکانی قسەبکات، نوسەر بەرهەمێك دەئەفرێنێ تا خەڵکانی دیکە بیخوێننەوەو ئیدی پێویست ناکات قسەیان لەبارەوە بکات و روونی بکاتەوە، بەدڵنیاییەوە بەیەکجار خوێندنەوەی بەرهەمێك ناتوانرێت دەرك بەهەموو خاڵەکانی بکرێت، بەڵام ئەم قسەیە مانای ئەوە نییە، کە ئەم وڵاتە (بەرهەمە) بەشی قەڵەمڕەوی نوسەرەو رێنوێنی گروپەکانی گەشتیاری لەئەستۆ بگرێت بۆ تێپەڕین بەنێو گوندەکانی هەڵەتی بەرهەمەکەی.

